درۆزن نییە ئەو کەسەی کە دەیەوێت ئاشتەوایی لە نێو خەڵکیدا بهێنێتە دی، شتی خێر وباش دەگەیەنێت، وقسەی خێر وباش دەکات

لە ئوم کەلسوم کچی عوقبەی کوڕی ئەبی موعەیتەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «درۆزن نییە ئەو کەسەی کە دەیەوێت ئاشتەوایی لە نێو خەڵکیدا بهێنێتە دی، شتی خێر وباش دەگەیەنێت، وقسەی خێر وباش دەکات». ولە گێڕانەوەی (مسلم) دا چەند ڕستەیەکی زیاتر هاتووە، (ئوم کەلسوم) دەڵێت: «گوێم لێنەبووە کە ڕێگە بدات بە شتێک لە درۆ کردن لەوانەی خەڵکی دەیڵێن مەگەر لە سێ شت نەبێت -درۆ کردن ڕێگەپێدراوە- : لە کاتی جەنگدا، ئاشتبوونەوە لە نێوان خەڵکی، (قسەی ئافرەت بۆ مێردەکەی وقسەی مێرد بۆ ئافرەتەکەی)».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

بنچینە ئەوەیە درۆ کردن حەرامە؛ چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (إياكم والكذب، فإن الكذب يهدي إلى الفجور، وإن الفجور يهدي إلى النار، وما يزال الرجل يكذب ويتحرى الكذب حتى يكتب عند الله كذابًا) [رواه مسلم] واتە: (ئاگاداری درۆ کردن بن، چونکە درۆ کردن ڕێنیشاندەرە بەرەو خراپەکاری، وخراپەکاری ڕێنیشاندەرە بەرەو دۆزەخ، وکەسێک درۆزنە وبەردەوام بەدوای درۆدا دەگەڕێت؛ هەتا لای خوای گەورە بە درۆزن لە قەڵەم دەدرێت). بەڵام درۆ کردن بۆ سێ شت ڕێگەپێدراوە: درۆ کردن بۆ بەدیهێنانی ئاشتبوونەوە لە نێو خەڵکیدا، درۆ کردن لە کاتی جەنگدا، ودرۆ کردنی مێرد بۆ ئافرەتەکەی یان بە پێچەوانەوە. لەم سێ حاڵەتەدا درۆ کردن ڕێگەپێدراوە چونکە لە سونەتدا هاتووە، و بەهۆی ئەوەی بەرژەوەندیەکی تێدایە بە مەرجێک ئەم درۆ کردنانە نەبێتە هۆی زیان وخراپەکاری. یەکەم: درۆ کردن لە نێو دوو کەس یان دوو کۆمەڵدا ئەمیش بە هێنان وبردنی قسەی خێر وباش لە وەسفکردن وهاوشێوەکانی بە بێ ئەوەی بیبیستێت، ئەمیش وا دەکات ڕق وناکۆکی نێوانیان نەمێنێت، ئەمە دروستە وئاساییە چونکە مەبەستی ئاشتبوونەوەیان ولابردنی ڕق وکینە ودوژمنایەتیە. دووەم: درۆ کردن لە کاتی جەنگدا، ئەمیش بە دەرخستنی هێز ودەرخستنی هەندێک شتێک کە بێتە هۆی هاندانی هاوەڵانی وپیلاندانان وترساندنی دوژمنان، یان بڵێت سوپای مسوڵمانان زۆرن وبارمەتی زۆریان بۆ هاتووە، یان بڵێت: سەیری پشتت بکە فڵان کەس هاتووە بۆ ئەوەی لێی بدات یان بۆئەوەی پیلانی بۆ دابنێت وهاوشێوەکانی ئەم درۆیانە؛ ئەمە دروستە چونکە بەرژەوەندی مەزنی تێدایە لە سەرخستنی ئیسلام ومسوڵمانان. سێیەم: درۆ کردنی پیاو بۆ ئافرەتەکەی یان بە پێچەوانەوە، وەکو ئەوەی پیاو بە ئافرەتەکەی بڵێت: تۆ خۆشەویستترین کەسی لە لای من، وهاوشێوەی ئەمانە کە دەبێتە هۆی تەبایی وخۆشەویستی لە نێوانیان، ئەمیش دروستە چونکە بەرژەوەندی بەردەوامبوونی خێزانی تێدایە بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا درۆ کردن لە نێو مێرد وئافرەتدا دروست نییە، ئیمامی نەوەوی -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەڵێت: (درۆ کردنی پیاو بۆ خێزانەکەی یان بە پێچەوانەوە مەبەست لێی دەربڕینی خۆشەویستی وگرنگیدان وپەیماندانە بە شتێک کە مەرج نییە بەدی بێت، بەڵام درۆ کردن بۆ هەڵخەڵەتاندن بۆئەوەی شتێک کە ئەرکە لەسەری جێبەجێی نەکات؛ ئەمە حەرامە بە یەکدەنگی زانایان). ئیبن حەجەر -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەڵێت: (-زانایان- یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە مەبەست لە درۆ کردن لە مافی مێرد یان ئافرەتەکە لە شتێکدایە کە نابێتە هۆی پشتگوێخستن وجێبەجێ نەکردنی ئەرکەکانیان ئینجا لەسەر هەرکامیان بێت، یان نابێتە هۆی ئەوەی شتێک بۆ خۆی (بات لەکاتێکدا مافی ئەوەی نەبێت جا هەرکامیان ئەنجامی بدات.


النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY


لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee